# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## پێنجەم راپۆرت: گرفتەکانی کارمەندانی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

شوباتی 2018

1/3/2018

## پێڕست

| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |

## بەشی یەکەم: ناساندن

1 . پێشەکی

2.کارنامەی یەکەکە

3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

**دوەم: ئامانجی یەکە**

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

**سێیەم: کارەکانی یەکە**

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەڕێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە یپارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

## کێشەکانی کارمەندانی تەندروستی لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

1. دەستپێک

2. ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لە گەرمیان

3. کەمی کارمەندی پسپۆڕ لە نەخۆشخانەو مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان

4. گرفتە سەرەکیەکانی کارمەندانی تەندروستی گەرمیان

ا. نەبونی شوێنی حەوانەوەی گونجاو بۆ کارمەندان لەکاتی کارکردن و ئێشکگرتن

ب. مانەوەی کارمەند دوای دەوامی فەرمی خۆی بەهۆی زۆری ژمارەی نەخۆش وکەمی کارمەند

ت. زۆری دەوامکردنی بەشێک لە کارمەندان لە چاو کارمەندانی دیکەدا

پ. نەپاراستنی گیانی کارمەندانی تەندروستی

5. رۆڵی کارمەندە خۆبەخشەکان لە تەندروستی گەرمیان

6. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر گرفتەکانی کارمەندانی تەندروستی

## 1.دەستپێک

کەمی کارمەند لە سەرجەم بنکەو ماڵبەند و نەخۆشخانەکان بوەتە گرفتێک کە وای کردوە بەشێک لە کارەکانیان بە سستی بەرێوەبچێت و هاولاتیانی ناوچەکەش زەرەمەندی یەکەمی گرفتەکەن.

کەمی کارمەند وایکردوە رۆژانە کارمەندانی تەندروستی زیاد لە توانای خۆیان کاربکەن بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو گرفتە و زۆری ژمارە نەخۆشەوە.

لە بەرامبەر ئەمەشدا هەندێک جار کارمەندانی دەبنە بەشێک لە گرفت بۆ باش بەرێوەنەچونی کارەکانی تەندروستی گەرمیان بەهۆی کەمتەرخەمی یاخود پابەند نەبونیان بەو ئەرکەی پێان سپێردراوە.

## 2. ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لە گەرمیان

ژمارەی کارمەندانی دامەزراو و گرێبەست لە بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان بەم شێوەیە کە لەم خشتەیەی خوارەوە رون کراوەتەوە.

| ژمارەی کارمەندانی تەندروستی گەرمیان | پیشە | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|
| دامەزراو 1743 | کارمەندی تەندروستی، پزیشک و پاسەوان، شۆفێر | دابەش بون بەسەر 52 بنکە و 12 مەڵبەند و 4 سەنتەری تەندروستی و 4 نەخۆشخانە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان |
| 131کارمەندی گرێبەست | ئیدارەو شۆفێر(سایەق) و کارمەندی کارگوزار | دابەش بون بەسەر 52 بنکە و 12 مەڵبەند و 4 سەنتەری تەندروستی و 4 نەخۆشخانە لە سنوری ئیدارەی گەرمیان |

دەربارەی ژمارەی کارمەندان، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ کاروباری تەندروستی، عەباس عەبدولعەزیز، دەڵێت: "لەئێستادا ژمارەی کارمەندانی تەندروستی ( 550) کارمەندە لەسەرجەم بەشەکانی نەخۆشخانەو سەنتەر و بنکە و مەڵبەندەکان".

دەربارەی ئەوانەی کە لە سەندیکا ناویان تۆمارکردوەو تاوەکو ئێستا دانەمەزراون، عەدنان ئەحمەد، لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، دەڵێت: "لە ساڵی 2011 وە زیاتر لە 680 کەس وەک کارمەندی تەندروستی لێرە ناویان تۆمار کردوە کە دانەمەزراون".

### 3. کەمی کارمەندی پسپۆڕ لە نەخۆشخانەو مەڵبەند و بنکە تەندوستیەکان

کەمی کارمەندی پسپۆرلە ئێستادا لە گەرمیان بوەتە کێشەیەکی دیار زۆربەی بەڕێوبەرەکان و لێپرسراوانی تەندروستی باسی ئەوەدەکەن ئەم کێشەیە بوەتە رێگر لە بەردەم باش بەڕێوەچونی کارەکانیان.

گۆران محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، لە بارەی کەمی ستاف وکارمەندی پسپۆرەوە، دەڵێت "نەخۆشخانەکەمان تاکە نەخۆشخانەیە لەناو دەڤەری گەرمیان کە پەیوەستە بە نەخۆشی ژنان و منداڵبون بە هۆی کەمی کارمەندەوە رۆژانە توشی گیروگرفتی زۆر دەبین" .

لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، عەدنان ئەحمەد، دەربارەی کەمی کارمەند لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد: "لە دوای کردنەوەی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب یەک کارمەند دانەمەزراوە تەنها 145 کەس بە گرێبەست لەوێ وەرگیراون کە 10 کەسیان کارمەندی تەندروستین ئەوانیتر ئیدارین".

یەکێکیتر لە کێشەکانی کەمی کارمەند لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب مۆڵەتی دایکایەتی کارمەندە ئافرەتەکانە.

گۆران محەمەد، باسیلەوەکرد: "زۆربەی کارمەندەکانمان ئافرەتن جا ئافرەتەکانیش یان منالّی دەبێت یان دوگیان دەبێت، بەمەش سالّێک شوێنەکەی چۆڵ دەبێت کەمۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرێت".

وتیشی"بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە داوا دەکەین لە بەڕێوبەرایەتی کارمەندمان بۆ بنێرێت، بەڵام بەبیانوی نەبونی موچەو دانەمەزراندنەوە کارمەند نانێرن".

نە خۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، بێبەش نە بوە لەم کێشەیە.

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، هەڵگورد محەمەد، دەڵێت: "ئەم ژمارە کارمەندەی لێرە هەیە کەمە، چونکە لە کەلار لەدوای کاتژمێر (12)ی نیوەڕۆوە تەنها ئێرە کراوەیە هیچ شوێنێکی کە نیە بۆ بینینی نەخۆش هەمو جۆرە نەخۆشێک دێتە ئێرە".

وتیشی: "لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان بنکەی (24) کاتژمێری هەیە بۆ بینینی نەخۆشی سارد واتە حاڵەتی فریاکەوتن نەبێت، بەڵام لە کەلار ئەمە نیە، ئەمەش بوەتە گرفت هەم بۆ هاوڵاتیان هەم بۆ کارمەندانی بەشی فریاکەوتنی شەهید هاژار"

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار ژمارەی کارمەندەکانی (101) کارمەندە و زیاتر لە (15) کارمەندی خۆبەخشن.

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "ئەم فریاکەوتنە بەم کارمەند و بەم شوێنەی ئێستای دو سالّیتر هیچ سودێکی وای نامێنێت بۆ کەلار، چونکە رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی دانیشتوان و روداوەکان لە زیاد بونە".

یەکێک لە بەشەکانی تری بە رێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان کە کارمەندان بەڕێوەی دەبەن، بەشی (کردە پزیشکیەکان)ە، کە رۆژانە کارێکی زۆریان لە سەرەو ژمارەی کارمەندەکانیشیان بە گوێرەی روداوەکانی ناوچەکە کەمە، بەمەش ئەرکی کارمەندەکانیان دو هێندە دەبێت.

رەفیق قادر، جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، دەڵێت: "ژمارەی کارمەندەکانمان کەمە لە چاو ئەم هەمو روداوانەی گەرمیان، سەرباری زۆری رووداوەکان ناردنی (ئیحالە) دکتۆرەکانیش کێشەیەکی گەورەیە بۆ کارمەندەکانی بەشەکەمان لە هەر (24) کاتژمێرێکدا نزیکەی 10 ئیحالەی سلیمانی ئەکرێت".

وتیشی: "لە سەردانەکەی وەزیری تەندروستی بۆ گەرمیان ئەم بابەتامان لە گەڵدا باسکردوە، بەڵام تا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە".

هۆڵەکانی نەشتەرگەری لە گەرمیان بەدەرنین لە کەمی ژمارەی کارمەند و کەمی کارمەندی پسپۆر، ئەمە لە کاتێکدا کە هۆڵی نەشتەرگەری بە یەکێک لە بەشە گرنگەکانی نەخۆشخانەکان دێتە ژمار و کارمەند لەم بەشەدا بەرپرسیارێتیەکی زۆری دێتە سەرشان بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی.

بە گوێرەی وتەکانی بەرپرسی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، کەریم بارام، ژمارەی کارمەندانی ئێستای بەشەکەیان بە بەراورد بە ژمارەی پێویستی کارمەند بۆ بەشەکەیان بەم شێوەیە کە لەم دایەگرامەی خوارەوە رونکراوەتەوە:



بە پێی ئەم داتایە ژمارەی ئێستای کارمەندی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار نیوەی پێویستی ژمارەی کارمەندانە بۆ بەشەکەیان.

سیروان جەبار، لێپرسراوی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بەهەمان شێوە باسی کەمی ژمارەی کارمەندی پسپۆر لە بەشەکەیان دەکات و دەڵێت: "کارمەندی هۆڵی نەشتەرگەری بە گوێرەی شوێنەکانی تر کەمترە چونکە ئیشکردن لێرە قورسە و کەم کارمەند روی تێدەکات و دەوامیشی زۆرە، ئەمە هۆکارە بۆ کەمی پسپۆر لەم بەشە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "چەندینجار داوای کارمەندمان کردوە لە وەزارەت و ئیدارەی گەرمیان کە پەرستار و کارمەندی بێهۆشکەر(مخدر)مان نیە، وەڵامی ئەوانیش تەنها ئەوەیە کە پارە نیە، دامەزراندن نیە، دەشڵێن مەگەر خۆبەخش هەبێت بینێرین بۆ بەشەکەتان  ئەوەش چارەسەر نیە ئەوان دەیڵێن بەڵکو  پینە کردنە".

بەپێی وتەکانی، سیروان جەبار، لێپرسراوی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، ژمارەی کارمەندانی ئێستای بەشەکەیان بە بەراورد بە ژمارەی پێویستی کارمەند بۆ بەشەکەیان، بەم شێوەیە کە لەم داتاگرامەی خوارەوە رونکراوەتەوە:



بەهەمان شێوەی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب ژمارەی کارماندی ئێستایان لە هۆڵی نەشتەرگەری نیوەی ژمارەی کارماندی پێویستە لە بەشەکەیان.

سەنتەرەکانیش بە هامان شێوە کەمی کارمەندی بوەتە کێشە بۆ کارەکانیانی رۆژانەیان،

زۆری ژمارەی نەخۆشەکانیش رێگرە لەوەی کارمەند بتوانێت حەقی تەواو بدات بە نەخۆشەکەی و ئیشەکەی.

د.ئەرکان محەمەد، پزیشکی ددان لەسەنتەر ددان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، باسلەوەدەکات: "گرفتەکانی رۆژانە کە توشی ئێمە دەبن کەمی پزیشک و کارمەندە، لێرە هیچ یاریدەدەرێکی پزیشکی ددان بونی نیە، یەک دانە هەیە ئەویش خەریکی ئیشی ئیدارەیە لێرە".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "باجیەکان تەعقیم (پاککردنەوە) دەکەن بۆ نەخۆشەکان ئەوانیش لە هاوکاری خۆیان دەیکەن".

دەربارەی هۆکارەکەشی وتی: "خراپی دابەشکردنی میلاکە".

بۆ هۆکارەکەشی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "ئیهمالی وەزیری تەندروستی و بەڕێوبەرایەتی تەندروستیە، تا ئێستا وەزیری تەندروستی سەردانی ئەم سەنتەرەی نەکردوە بەشەکەمان بە تەواوی پشتگوێ خراوە".

هەندێکجار بۆ بەرێکردنی کارەکان کارمەند ئەو کاری پێی سپێردراوە دورە لە پسپۆریەکەی خۆی ئەمەش بۆ خراپی دابەش کردنی کارمەندەکان دەگەڕێتەوە.

ئاسۆ سلێمان، بەرپرسی سەنتەری تیشک لە کەلار، دەڵێت: "هەندێک لە کارمەندەکانی هاوڕێمان بەشی تیشکیان تەواو نەکردوە، کەچی لێرە کاردەکەن".

کارمەندانی تەندروستی لە مەڵبەند و بنکەکانیش هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەندیک کار بەدەر لە پسپۆری خۆیان وەک کاری پزیشکی.

عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بەم شێوەیە باسی کاری کارمەندەکانی بنکەوماڵبەندەکان دەکات: "لەبەر ئەوەی بنکەی تەندروستی لە هەیکەلدا پزیشکی نیە، لێرەدا کارمەند هەمو چارەسەرێک دەکات تاوەکو ئەو حاڵەتەی لە توانایدا نەبێت، لەو حاڵەتانەدا نەخۆشەکە رەوانە (ئیحالە) دەکات".

وتیشی: "لە مەڵبەند و نەخۆشخانەکان کارمەند بۆی نیە ئیشی پزیشک بکات تەنها لە ژێر چاودێری پزیشک دەتوانێت عیلاج بنوسێت یان هەر کارێکی دیکە بکات، بەڵام بەدەر لەمە خۆی بەرپرسە لە هەر روداوێک کە بێتە پێشەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "بەڵام لە ئێستادا کارمەندی مەڵبەندەکان لەبەرئەوەی پزیشکان زۆر جارمان دەگرن چاوپۆشی دەکرێت لە یاریدەدەری پزیشکەکان چارەسەر بۆ نەخۆش بنوسێت، بەڵام هەر خۆیان بەرپرسن لەوەی کە دەیکەن، ئێمە لەروی ئیدارییەوە لە حاڵەتی نەخوازراودا بەرپرس نین تەنها کارمەند خۆی بەر پرسە".

بەڵام هەندێک لە بەش و سەنتەرەکان، هەوڵیانداوە لەرێگەی خول و راهێنانەوە، کارمەندەکانیان بکەن بە شارەزا لەو بوارەی کە بەش و سەنتەرەکەی تێدایە.

بەڕێوبەری سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە گەرمیان، کاروان محەمەد، دەربارەی کارمەندی پسپۆر لە سەنتەرەکەیان، دەڵێت: "هەمو کارمەندەکانی ئێرە خولیان بینیوە لە وڵاتی تورکیا و ئوردن و لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر، هیچ کێشەو گرفتێکمان نیە لەو لایەنەوە".

عەدنان ئەحمەد، لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، دەربارەی کەمی کارمەند لە بنکەکان ئاماژە بەوەدەکات: "بەشێک لە بنکەکان یەک کارمەندی لێیە، بنکەش بە یەک کارمەند بێگومان ناڕوات بەڕێوە".

د. سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەربارەی کەمی کارمەند و دابەش نەکردنیان بە پێی پسپۆرییەکانیان بەسەر بەشەکانی تەندروستی لە گەرمیان، دەڵێت "هۆکاری ئەمە دانەمەزراندنە لەگەڵ خراپی دابەشکردنی میلاک و دابەشکردنی کارمەندان لە کابینەکانی پێشودا".

وتیشی: "بۆ چارەسەرکردنی تاوەکو دامەزراندن نەکرێتەوە ناتوانین چارەسەری بکەین لەبەر ئەوەی نەقسمان هەیە".

## 4.گرفتە سەرەکیەکانی کارمەندانی تەندروستی گەرمیان

### ا. نەبونی شوێنی حەوانەوەی گونجاو بۆ کارمەندان لەکاتی کارکردن دا:

کارمەند بۆ ئەوەی کارەکانی بە باشیی بەڕێوە ببات و بتوانێت هەقی تەواو بەکارەکانی بدات، دەبێت شوێنی پشودانی گونجاوی هەبێت، بەڵام لە گەرمیان ئەمە بوەتە گرفت بۆ کارمەندانی تەندروستی.

نەبونی شوێنی حەوانە بۆ کارمەندان و بە تایبەت بۆ کارمەندانی ئێشکگر، یەکێکە لە گرفتەکان و بەشی زۆری کارمەندان لە جێگەی مانەوەیان رازی نین.

سەبارەت بە شوینی حەوانەوە ی کارمەندانی نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەکە، حسێن شاکر محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد: "هەمو شتێک دابین کراوە بۆ شوێنی مانەوەی کارمەندانی ئێشکگر لەو روەوە هیچ گرفتێکیان نیە".

وتیشی: "ئەو خواردنەی دەدرێت بە کارمەندان کوالێتی باشە".

هەرسەبارەت بە نە بونی شوێنی حەوانەوە، عەبدولڕەحمان رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا، دەڵێت: "شوێنی حەوانەمان نیە، بیناکەمان هیچ تایبەتمەندیەکی مەڵبەندی تەندروستی تێدا نیە، چونکە زۆر کۆنە".

وتیشی: "لەسەردانی ئەم دوایەی وەزیری تەندروستی بۆ مەڵبەندەکەمان بەڵێنی پێداوین بە خەرجکردنی (20) ملیۆن ئێستا نوسراوەکە هاتۆتەوە بۆ خەرجکردنی ئەو برە پارەیە".

خراپی شوێنی پشودان و نەبونی مارکێت و کافتریا وایکردوە وزەی کارمەندان کەم بێتەوە.

روناک سەڵاحەدین، لێپرسراوی هۆبەی نەخۆشیە گوازراوەکان لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، باسلەوەدەکات: "جگە لەوەی شوێنی حەوانەوەمان نیە، کافتریاش لە دەزگاکەمان نیە، ئەمەش وادەکات کارمەند بێزاربێت لەدەوام وزەیان کەم بێت".

هاوکات سەبا سولەیمان، کارمەند لە بەشی دەرمانخانەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەڵێت: "شوێنەکەمان زۆر بچوکە، هیچ شوێنێکی پشودانی تێدا نیە، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر باری دەرونیمان و کارەکانمان".

وتیشی: "رۆژانە ژمارەیەکی زۆر زۆر نەخۆش سەردانی ئێرە دەکات، تەنانەت مەجالم نیە پەرداخێک ئاو بخۆمەوە، کەمی ژمارەی کارمەند زۆر بێزاری کردوین".

کارمەندانی ئێشگر بەهەمان شێوە گرفتیکی زۆریان هەیە لە شوێنی مانەوەیان. هەروەک، یاسین مەحمود، یاریدەدەری بێهۆشکەر لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەربارەی شوێنی مانەوە و خواردنەکانیان لە کاتی ئێشگرتنیان دەڵێت: "شوێنی مانەوەمان نیە، خانەی پەرستارمان نیە، ئەوەی هەیە تەنها ژورێکە، زۆر جار لە هۆڵێکی نەشتەرگەری پشو دەدەین خزمەتگوزاریەکان هیچ باشنین و خواردنەکانمان کوالێتی نزمە، بەڵام لە لایەنی پاک و خاوێنییەوە کێشەمان نیە".

رێبین کەریم، یاریدەدەری پزیشک و کارمەندی فریاکەوتنی خێرا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، دەڵێت: "جگە لە خراپی شوێنی مانەوەمان، گرفتی دیکەمان نەبونی پێداویستیە لە شوێنی مانەوەمان لە کاتی ئیشکگری، ئەو پێداویستیانەشی هەیە لێرە وەکو پێویست نین".

جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، رەفیق قادر، ئاماژە بەوەدەکات: "شوێنی مانەوەو خواردنی کارمەندەکان راستە گونجاو نیە، بەڵام هەر وەک بەشەکانی دیکەیە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د.سیروان محمەد، ئاماژە بەوەدەکات: "شوێنی مانەوەی کارمەند پەیوەندی بە ئیدارەی خۆیەوە هەیە، دەبێت ئەوان چارەسەری بکەن".

دەربارەی نزمی کوالێتی خواردنەکانیش دەڵێت: "بەهۆی ئەوەی حکومەت بڕی پارەی کەم بۆ گرێبەستی خواردنەکان سەرف دەکات بۆیە کوالێتی خواردنەکان نزم بوە ، بەڵام خواردنەکان خراپ نین بەڵکو کوالێتیان نزم بوەتەوە".

هەڵگورد محەمەد، جێگیری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید هەژار، باسلەوەدەکات: "کوالێتی خواردن بۆ کارمەندان بە گوێرەی ئەو گرێبەستەیە کە کراوە لەگەڵ کۆمپانیاکەدا، خواردنەکانی رۆژانە بە گوێرەی خشتەیە، بە لیژنە چاودێری کارەکانیان دەکەین و پێشتر چەند جارێک سزادراون".

وتیشی: "بۆ شوێنی مانەوەی کارمەند دەبێت شوێنی مانەوەیان نزیک هۆڵی فریاکەوتن بێت، بۆیە وادانراوە".

جیاواز لە جیگەکانی دیکە سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە گەرمیان بێ گرفتن و پێداویستیەکانیان بۆ دابینکراوە.

بەڕێوبەری سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە گەرمیان، کاروان محەمەد، دەربارەی شوێنی خواردنی کارمەندانی سەنتەرەکەیان دەڵێت: "سەنتەرەکەمان هیچ گرفتێکی شوینی پشودانی کارمەندی نیە، بۆ خواردنیش کێشەمان نیە و دابین کراوە بۆمان".

**ب. زۆری کاتی دەوامی کارمەندان**

زۆری ژمارەی سەردانکەر و کەمی کارمەند، باری سەرشانی کارمەندانی قورستر کردوە و وای کردوە کە کارمەندان زیاتر لە کاتی خۆیان دەوام بکەن.

یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، عەباس عەبدولعەزیز، رونیدەکاتەوە دەوامی کارمەندان لە نەخۆشخانە و مەڵبەندەکان بەنۆریە (متناوب)، کارمەند سێ رۆژ نایەتەوە بۆ دەوام کاتی دەوامیش تاوەکو کاتژمێر (12)ی نیوەرۆیە.

وتیشی: "شێوازی قاوش و هۆڵی نەشتەرگەری ئێشکگریە، لەمانگێکدا شەش رۆژ ئێشکگردەبن واتە هەر (24) کاتژمێرەکە لە دەوام دەبن، واتە بۆ هەر مانگێک کارمەند دەبێت (144) کاتژمێر دەوام بکات".

بەشێک لە کارمەندان باسلەوەدەکەن کە ئەم یاساییە نەبوەتە هۆکارێک تاوەکو کارمەندان بە شێوەیەکی یەکسان دەوام بکەن.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید هەژار، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە دەوام گۆڕانکاری تیاکراوە بۆ کارمەندان جاران (5 بۆ 6) رۆژ جارێک (24) سەعات کارمەند ئێشگر دەبو، ئێستا کردومانە بە (8) رۆژ جارێک، بەڵام بەراورد بە پێشتر دەوامامان کەمترە".

هەڵگورد محەمەد، رونیدەکاتەوە: "کارمەند هەر بە گوێرەی ئەو کاتەی بۆی دانراوە دەوام دەکات مەگەر لەحاڵەتی شەری داعش و حاڵەتی تەقینەوە یان رودانی روداوێک کە قوربانیەکی زۆری هەبێت، لەوکاتانەدا کارمەند هەبوە (48) سەعات ماوەتەوە لە دەوام، خۆشمان جلمان گۆڕیوەو وەک ئەوان ئیشمان کردوە".

وتیشی: "چونکە ئێمە زۆربەمان کارمەندی تەندروستین و لە بەشی ئیدارە دەوام دەکەین بەدەر لە دەوامی خۆشمان لە حاڵەتی پێویست دێینەوە بۆ ئێرە، لەم حاڵەتەش تەنها دەستخۆشیە پاداشت نیە، چونکە موچە نادرێت تاوەکو پاداشت بکرێین".

نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، گرفتی کارمەندی هەیە و ئەمەش وایکردوە کارمەندان زیاد لە کاتی خۆیان دەوام بکەن.

حسێن شاکر محەمەد، بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، دەربارەی ژمارەی کارمەندان و کەمی کارمەندی پسپۆردەڵێت: "ژمارەی کارمەندانی نەخۆشخانەکەمان 134 کارمەندە بەگوێرەی پێویست نیە بۆ نەخۆشخانەکە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "کەمی کارمەندی پسپۆر تەنها لە دو بەشی نەخۆشخانەکە بوەتە کێشە بۆ کارەکانیان ئەوانیش هۆڵی نەشتەرگەری لەگەڵ بەشی منداڵبونە".

بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، بۆ مانەوەی دوای دەوامی رەسمی کارمەندان دەڵێت: "هەندێکجار کە پێویستی کردوە ماوینەتەوە دوای دەوامی خۆمان یان کە پێویستی کردوە دوای دەوامیش بوە من و بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەش گەڕاوینەتەوە بۆ کارکردن".

عەبدولرەحمان رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا لەقەزای کفری، بە هەمان شێوەی نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی، گرفتی کەمی کارمەندیان هەیە و دەڵێت: "ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لەمەڵبەندی سەرقەڵا تەنها (7) کارمەندە بەگوێرەی سەردانکەران زۆر کەمە، چونکە ئێمە لەو لادێیانەشەوە کە بنکەشی لێیە نەخۆش دێتە مەڵبەندەکەمان و لۆدێکی زۆرمان لەسەرە".

وتیشی: "بەرامبەر بەوەش جگە لە کارمەندی تەندروستی کارمەندی ئیداری و ژمێریاریشمان نیە تەنانەت کارمەندە تەندروستیەکان بەدەر لە کارەکانی خۆیان کاری کارگوزاریش دەکەن".

بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید هەژار، سەیوان عوسمان، ئاماژە بەوەدەکات: "بەهۆی نەبونی موچەوە لێپرسینەوە لە کارمەند بۆ دەوام کردن و پابەندبون پێوەی ناکرێت، بەڵکو ئێستا بوە بە تکا کردن".

جێگری بەڕێوبەری کردە پزیشکیەکان، رەفیق قادر، دەڵێت: "کارمەندەکانی ئێمە بەدەر لە دەوامی خۆیان بەردەوام لە ئامادەبییدان".

هەروەها یاریدەدەری پزیشک، رێبین کەریم، لە بەشی فریاکەوتنی خێرای نەخۆشخانەی شەهید هەژار، باسی ئەوەی کرد: " زیاد لە سنوری خۆمان دەوام دەکەین، لە مانگێکدا (4) رۆژ ئێشکگرمان هەیە (4) رۆژی یەدەکیش، رۆژی واهەیە (3-4) جار بە رێگەی سلێمانی - کەلاردا دەڕۆم، هۆکاریش کەمتەرخەمی پزیشکەکانە، کارمەندان زۆر بە باشی ئیشەکانی خۆیان رادەپەڕێنن".

ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات: "کێشەکانیش پلە پلە دەڕوات کەس خۆی بە بەرپرسیار نازانێت".

وتیشی: "بەوهۆیەوە هیچ ئاسودە نین لە دەوام جگە لەو هەمو ماندوبونە هیچ پاداشت و دەست خۆشیەکیشمان بۆ نایەتەوە".

دەربارەی کەم تەرخەمی دکتۆرەکان و زۆری ناردنی (ئیحالە) نەخۆش، عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "گەورەترین کێشەی ئێستا ئیحالەکردنە، رۆژانە نزیکەی (10) نەخۆش ئیحالە دەکرێن لەبەرئەوەی پزیشکەکان دەڵێن ئێمە ئەگەر نەشتەرگەری بۆ نەخۆش بکەین سەرکەوتو نابێت، چونکە دوای نەشتەرگەری چاودێری وردی پێویستە".

لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون، سەرەڕای کەمی کارمەندەکان، بەڵام تاڕادەیەک دەوامیان کەم کراوەتەوە بە هۆی قەیرانی داراییەوە.

سیروان جەبار، لێپرسراوی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکە، ئاماژە بەوەدەکات: "کارمەند ناتوانێت هەمو رۆژێک دەوام بکات، بە هۆی قەیرانی داراییەوە هەفتەی سێ رۆژ بۆ چوار رۆژ دەوام دەکەن جگە لە ئێشکگری (خفريات)".

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، گۆران محەمەد، دەڵێت: "کارمەندی ئێرە بە وەجبە دەوام ئەکەن، (6) رۆژ (24) کاتژمێر ئێشکگرن لەبەر کەمی کارمەند".

کوێستان حسێن، کارمەندی بەشی منداڵبون لە نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب، دەڵێت: "زۆرجار بەدەر لە دەوامی خۆم ماومەتەوە کە پێویستی کردبێت".

کەمی کارمەند وایکردوە زۆرجار کارمەندانی دیکە زیاتر لە کاتی دەوامی خۆیان بمێننەوە و ئەم کارەش بارگرانی زۆری بۆ دروستکردون.

یاریدەدەری بێهۆشکەر لە هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، یاسین محەمەد، ئاماژەی بەوەدەکات: "دەوامان لە کاتی خۆی زیاترە، زۆرجار تاوەکو کاتژمێر (3) لەدەوام دەبم".

ئاسۆ سلێمان، بەرپرسی سەنتەری تیشک لە کەلار، هۆکاری زۆری دەوام کردنیان بەم شێوەیە باس دەکات: "رۆژانە لۆدێکی زۆر زۆرمان لەسەرە لەبەر ئەوەی یەک جیهازی MRI (ئەشیعەی تەنوری) مان هەیە تەنها ئەتوانین رۆژی (15) نەخۆش بەرێبکەین، خەڵک دەبێت شەش بۆ حەوت مانگ چاوەڕێ بکات، زۆرجار توشی کێشە دەبین لە گەڵیان، چونکە باوەڕ ناکەن، جگە لەوە زۆربەی رۆژەکان دوای دەوام دەمێنینەوە".

هەروەها دەشڵێت: "بەهۆی هاتنی ئاوارەوە بۆ سنورەکە، ژمارەی نەخۆشەکان زۆر زۆر زیادی کردوە، حکومەتی عێراق و وەزیری کۆچ و کۆچبەران هیچی بۆ نەکردون تاوەکو ئاسانکاری بێت بۆ ئێمە، لە شوێنەکانی دیکە پشکی ئاوارەکان جیایە".

ئاماژە بەوەشدەکات: "ئەو پێداویستیانەی لە تەندروستی بەغداوە دێن بۆ ئێرە سەرەتا دەچێتە سلیمانی ئەوانیش ئەوانەی بە کەڵک نایەت دەینێرن بۆ ئێمە".

جیاواز لە جێگەکانی دیکە کارمەندانی سەنتەری گورچیلەی دەسکرد لە گەرمیان لە هەفتەیەکدا (6) رۆژ دەوام دەکەن و جگە لە پشری رۆژی جەژن پشوەکانی دیکەش ئەوان ناگرێتەوە.

کاروان محەمەد، بەڕێوبەری سەنتەرەکە، دەڵێت: "سەنتەرەکەی ئێمە هاوشێوەی هەمو سەنتەرەکانی گورچیلە لە کوردستان و عێراق دەوامی شەش رۆژە، ئۆفمان نیە هیچ پشویەکیش ئێمە ناگرێتەوە جگە لە یەک رۆژی جەژن نەبێت، کارمەندەکان سێ بۆ چوار رۆژ بە خشتە دەوام دەکەن، هەندێک لە رۆژەکان کارمەندەکان تاوەکو سەعات دو ماونەتەوە لەبەر نەخۆشەکان".

لە بەرامبەردا بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د.سیروان محەمەد، رەتی دەکاتەوە هیچ کارمەندێک بەدەر لە دەوامی خۆی مابێتەوە و دەڵێت: "کارمەند کە دەمێنێتەوە دوای دەوام دەبێتە راوێژکار، بەرامبەر بەمەش پارەیان بۆ سەرف دەکرێت بێبەرامبەر نیە وەک ئەوان دەیڵێن".

وتیشی: "دەوامیش بە پێی یاسای فەرمی حکومەت تاوەکو کاتژمێر (2)ی پاشنیوەڕۆیە نەک (12)، لە بەر ئەوە هیچ کارمەندێک نامێنێتەوە دوای دەوامی خۆیان، ئەوەی پێیوایە ماوەتەوە ئەوە دەوامی خۆیەتی نەک زیاتر".

**ت. زۆری دەوامکردنی بەشێک لە کارمەندان لە چاو کارمەندانی دیکەدا**

جیاوازی پسپۆری کارمەندانی تەندروستی و جێگەی دەوامکردنیان وایکردوە بەشێک لە کارمەندان وەک خۆیان دەیڵێن زیاتر ماندوبن بە بێ ئەوەی هیچ پاداشتێک بکرێن لەبەرامبەر ئەو ماندوبونەدا.

بەرپرسی سەنتەری تیشک لە کەلار، ئاسۆ سلێمان، ئاماژەی بەوە کرد: "نەبونی موچە و جیاوازی نەکردن لە هەوڵ و ماندوبونەکانی بەشێک لە کارمەندان کە زۆر زیاتر لە کاتی دەوامی خۆیان دەمێنەوە وا لەکارمەندەکان دەکات ساردبونەویەکیان پێوە دیار بێت بۆ هەندێکیشیان ئەمە بوەتە هۆکار کە بە دڵسۆزی کار نەکەن".

هاوکات رەفیق قادر، جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، دەڵێت: "لەگەڵ ئەو هەمو ماندوبونەی کارمەندەکانمان هیچ جیاوازیەک نەکراوە".

وتیشی: "هیچ کارمەندێک ئامادە نیە بێتە بەشەکەی ئێمە کاربکات، چونکە ماندوبونێکی زۆر زۆری هەیە و هیچ پاداشتێکی نیە، یاخود موچەکەی زیاتر نیە کە بڵێین بە گوێرەی ماندوبونەکەی بێت".

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، دەڵێت: "ئەو کاتانەشی لەماڵەوەین هیچ ئیسراحەتێکمان نیە بەردەوام کە پەیوەندی کرا دەبێت حازربین ئەمە لە دەوام کردنەکە ناخۆشترە، هەندێک کارمەند (10) ساڵ زیاترە لە فریاکەوتنن و ئەم بەشەش بەڕاستی هیلاکت دەکات".

بەڕێوبەری کارگێری فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار، سەیوان عوسمان، باسلەوەدەکات: "لەماوەی تەنها هەفتەیەک زیاتر لە (2424) کەس سەردانی نەخۆشخانەکەی کردوە، بەبەردەوامی لۆدێکی زۆر لەسەر نەخۆشخانە و کارمەندەکانی ئێرە هەیە".

هەڵگورد محەمەد، وتیشی: "بۆ جیاوازیکردنیش تەنها لە هاندانە ئەویش بڕێکی کەمە کارمەندی ئێمە (90) هەزار وەردەگرێت هی شوێنەکانی دیکە (65)هەزار وەردەگرن هەر ئەوەیە جیاوازیەکەیان بەو هەمو ماندوبونەی کارمەندی فریاکەوتن".

بەڕێوبەری سەنتەری گورچیلەی دەستکرد لە گەرمیان، کاروان محەمەد، دەڵێت: "لە بابەتی ئیمتیازات و هاندان کارمەندی ئێمە لە پارەی هاندان غەدری لێکراوە (20 بۆ 30) هەزاری لە کارمەندانی بەشەکانی تر کەمترە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، سیروان محەمەد، ئاماژە بەوە دەکات جیاوازی لە کارکردنی کارمەندی تەندروستی نیە و دەڵێت: "هەمو کارمەندێکی تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان ئەرکێکی لەسەرە راستە ئەرکەکانیان جیاوازە بۆنمونە (فریاکەوتن، هۆڵی نەشتەرگەری، مەڵبەندی تەندروستی لەگەڵ بنکەی تەندروستی) کێشان و پێوان (مقیاس و معیار)ی خزمەتەکە بەوە نیە ئەم ئارەق ئەکات و ئەو نایکات، ئەرکی ئەو ئەو خزمەتەیە لەو شوێنە پێشکەشی دەکات".

وتیشی: "ئەو کارمەندی تەندروستیەی کە دەچێت لە بنکەیەکی تەندروستی کاردەکات بەتەنها بەس خۆیەتی کەسی لەگەڵ نیە، ئەو کارمەندەی کە لەنەخۆشخانە ئیش دەکات راستە کاریان زۆرترە، بەڵام سەد کارمەندی دیکەی لەگەڵدایە، پێوانی ماندوبون راست نیە بڵێین ئەم بەشە هیلاکتر ئەبێت لەوی تر، چونکە ئەرکی هەمویان جیاوازە".

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، گۆران محەمەد، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: "دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان کاری کارمەندکان وەک چۆن پێشتر جیاوازی کرابو و پارەی حەوافز پارەی ئێشکگری هەبو، بەڵام ئێستا ئەوانە هیچ نەماوە هەندێکجار پارەی هاندان دێت هاندانەکەش لە شەش مانگ یەکجار دێت".

وتیشی: "لە هاندانەکە وەکو کارگوزارێک سەیر دەکرێن یاخۆد وەکو کارمەندێکی بنکەکان سەیر دەکرێن کە کارمەندی بنکەکان بە شێوەیەک دەوام دەکەن هەرگیز وەکو ئێمە نابێت، لە ئیشی ئەوان کەم ناکەمەوە بەڵام ئەو گیروگرفت و ماندوبونەی لێرە هەیە لەوێ نیە".

## پ. نەپاراستنی گیانی کارمەندانی تەندروستی

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی کارمەندان و بە تایبەت کارمەندانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن وەک خۆیان دەڵێن نە پارێزراوی گیانیانە، ئاماژە بەوەش دەکەن کە لە لایەن هاوڵاتیانەوە هێرش کراوەتە سەریان.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، دەڵێت: "زۆرجار کێشەمان بۆ دروست دەبێت بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک کە لەگەڵ نەخۆش دێنە نەخۆشخانەکەوە".

وتیشی: "هێزە ئەمنیەکانی بەشی فریاکەوتن کاتێک کێشە رودەدات تاڕادەیەک باشن بۆ کۆنترۆڵ کردنی".

باسیلەوەشکرد: "هەندێکجار پۆلیسەکان لەبەر هەستان بە ئەرکی خۆشیان لێرە توشی کێشە دەبن بەهۆی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان هەیە واتە دەستیان دەچێت لە ناوچەکە و کێشە بۆ پۆلیس و کارمەندانی تەندروستیش دروست دەکەن".

سەبارەت بە کێشە ئەمنیەکان لە سەر ژیانی کارمەندانی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، بەڕێوبوەی کارگێڕی نەخۆشخانەکە، حسێن شاکر محەمەد، دەڵێت: "بنکەی پۆلیسمان هەیە لە ناو نەخۆشخانەکە کۆنترۆڵی کێشەکانیان کردوە، بەڵام هەندێکجار توشی کێشە دەبین ئەویش کارمەندەکان نایانەوێ بچنە دادگا و پۆلیس، پێیان خۆش نیە و خۆیان بە سوڵح چارەسەری دەکەن".

بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی پێیانوایە ژیانیان پارێزراو نیە، بە تایبەت لە کاتی روداوەکاندا.

سۆزان عەزیز، پەرستیارێکی نەخۆشخانەکە، بەم شێوەیە باسی لایەنی ئەمنی دەکات لە کاتی کارکردنیدا "تاکە کێشەی من ئەمنیەتی ئێرەیە کە بەڕاستی پارێزراو نیە، بەتایبەت بۆ ئێمەی کارمەندانی تەندروستی".

وتیشی: "جاری واهەیە روداوێکی هاتوچۆ دەبێت قوربانیەکان هەشت نۆ کەسن ژمارەیەکی زۆر لەخزم و کەسیان لەگەڵ دێت لەم حاڵەتە پۆلیسەکان توانای کۆنترۆڵ کردنیان زۆر کەمە".

بەهۆی فەرەباڵەغی نەخۆشخانە و بنکە و سەنتەرەکان و بچوکی بیناکانەوە، زۆرجار گرفت بۆ کارمەندانی تەندروستی دروست دەبێت.

کاروان محەمەد، بەڕێوبەری سەنتەری گورچیلەی دەستکرد، باسلەوەدەکات ئەمنیەتی شوێنەکایان پارێزراو نیە، دەڵێت: "شوێنەکەمان ئەمنیەتی نیە چونکە لەدەروە شوێنی پۆلیسی لێنیە، داواشمان کردوە بۆمان دابین نەکراوە".

کوێستان حسێن، کارمەندی بەشی مناڵبونی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، دەڵێت: "پۆلیسەکان کۆنترۆڵی ئێرەیان کردوە زۆر باش ئەمنیەیەتیان پاراستوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جاری وا هەبوە لە لایەن هاوڵاتیانەوە پەلامار دراوین".

لەبەرامبەردا بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان دەڵێت لە ماوەی کاکردنی مندا هیچ حاڵەتێک نەبوە کە لە کارمەندان بدرێت یاخود هێرشیان کرابێتەسەر، بەشێکی دیکەی خراپی ئەمنیەتی کارمەندان دەگەرێنێتەوە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی ناوچەکە.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکەوە خەڵکی هاوکار نین بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن کاتێک کە بریندارێک یان نەخۆشێکیان دەبێت زیاد لە پێویست خەڵکی لەگەڵ دەبێت، لەم کاتەشدا نە پۆلیس نەکارمەند ناتوانێت کارەکەی خۆی بە باشی بکات، بەم هۆیەوە کارمەند و پزیشکەکەش ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە".

وتیشی: "پۆلیسەکان هەموکات ئەرکی خۆیان بینیوە بەباشی ئەمنیەتیان پاراستوە، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە تێگەیشتنی خەڵکەوە هەیە کە کاتێک کلتوری ئێرە وایە گوێ بەوە نادرێت کە پێویست بەو هەمو کەسە ناکات لەگەڵ نەخۆش و بریندار، تێگەیشتنی خەڵک بۆ ئەم مەسەلەیە زۆر خراپە".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "لەسەردەمی من دا حاڵەتی ئەمنی لە سەر کارمەندان روی نەداوە، بەڵام ئاگەدار نیم ئەگەر رویدابێت و خۆیان لەناو خۆیان سوڵحیان کردبێت".

## 5. رۆڵی کارمەندە خۆبەخشەکان لە تەندروستی گەرمیان

لە ئێستادا کارمەندە خۆبەخشەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە بەشەکانی نەخۆشخانە وسەنتەرەکانی تەندروستی لە سنوری گەرمیان و توانیویانە ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی راگرتنی دامەزراندنی کارمەندەوە دروستبوە، پڕ بکەنەوە.

بەرپرسی هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، کەریم بارام، دەڵێت: "کارمەندە خۆبەخشەکان بون بە کۆڵەکەیەکی گرنگی بەشەکەمان کە توانیویانە شان بەشانی ئێمە پێکەوە کارەکانی ئێرە بە باشی بەڕێبکەین".

ئەکبەر حەیدەر، کارمەندێکی خۆبەخشی بەشەکەیە، باسلەوەدەکات: "ماوەی چوار ساڵە خۆبەخشم لە هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ژمارەمان 8 خۆبەخشە لەم بەشە".

دەشڵێت: "هەفتانە نزیکەی (100) نەشتەرگەری دەکرێت ئەگەر خۆبەخشەکان نەبن ئەو رێژەیە کەم دەبێتەوە بۆ نیوە، ئێمەی خۆبەخش کاریگەری کەمی کارمەندمان لێرە تا رادەیەک کەمکردوەتەوە".

لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، بە هەمان شێوە کارمەندانی خۆبەخش رۆڵێکی زۆرباشیان گێراوە بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی کەمی کارمەند لە بەشەکانی نەخۆشخانە وەک بەڕێوبەری کارگێڕی نە خۆشخانەکە، حسێن

شاکر محەمەد، ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: "کارمەندی خۆبەخشی زۆر باشمان هەیە لێرە دەورێکی زۆر کاریگەریان بینیوە بەتایبەت لە بەشی فریاکەوتن، چونکە ئێشکگرییش دەگرن وەک کارمەندە فەرمیەکان".

کارمەندێکی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، ئاماژە بە گرنگی رۆڵی کارمەندە خۆبەخشەکان دەکات و دەڵێت: "بەشەکەی ئێمە بە خۆبەخشەکانەوە وەستاوە".

کوێستان حسێن، کارمەند لە بەشی منداڵبونی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، وتیشی: "لە کۆی (15) کارمەندی بەشەکەمان (7) کارمەندی خۆبەخشە، هاوکارییەکی زۆر باشی بەشەکەمان و ئێمەشیان کردوە".

عەدنان ئەحمەد، لێپرسراوی لقی گەرمیانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، سەبارەت بە رۆڵی کارمەندانی خۆبەخش لە تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "یەکێک لە نەخۆشخانەکانمان خۆبەخش کۆڵەکەکەی راگرتوە ئەویش نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژارە، ئەو نەخۆشخانەیە خۆبەخش بە رێوەی دەبات، کاتی خۆی هاندان هەبو بۆیان ئێستا ئەوەش نیە".

عەدنان ئەحمەد، وتیشی: " ئێمە کارێکمان بۆ کردون هەریەکەیان بە پێی ئەو پسپۆرییەی خۆی دەفتەرمان بۆ کردون لە شوێنە ئەهلیەکان کە تایبەتن بە تەندروستی ئیشبکەن".

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، هەڵگورد محەمەد، دەڵێت: "زیاتر لە (15) کارمەندی خۆبەخش لێرە وەکو کارمەندەکانی دیکە دەوام دەکەن و وەکو کارمەند لێپرسینەوەشیان لەگەڵ دەکرێت بۆ بەڕێکردنی کارەکانیان".

## 6. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر گرفتەکانی کارمەندانی تەندروستی

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بەشێک لە گرفتەکانی کارمەندان دەخاتە ئەستۆی خۆیان و باسلەوەدەکات پابەند نابن بەو شوێنەی کە بۆیان دیاری دەکرێت.

د. سیروان محەمەد، لە بارەی گرفتەکانی کارمەندانەوە، دەڵێت: "هەندێک کارمەندان پابەندنابن بەو شوێنەی کە بۆیان دیاری دەکەین، ئەو ئەرکەی پێیان دەسپێرین بیانوی جۆراوجۆر دەهێننەوە تاوەکو کارەکە نەکەن".

وتیشی: "کارمەندانی تەندروستی پەرە بە ئاستی زانستی خۆیان نادەن، بەشداری دەورەکانی پەرەپێدان ناکەن، هەرچەندە ئێمە نەمان توانیوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە خولیان بۆ بکەینەوە، چونکە حکومەت بودجە دابین ناکات پێیوایە کە قەیران بو پێویستمان بە زانست نابێت، لە گەڵ ئەوەشدا کارمەندەکان خۆیان کەمتەرخەمن پەرەیان پێنەداوە".

هەروەها د.سیروان محەمەد، زۆربەی گرفتەکانی کارمەندان بە "رەگ داکوتراو" دەزانێت و دەشڵێت چارەسەرکردنیان ماوەیەکی زۆری دەوێت "کارمەندانی تەندروستی لە قەزای کەلار زۆربەیان شوێنێکیان کردۆتەوە (دەرمانخانە یان نۆرینگە) بۆ فرۆشتنی دەرمان کە ئەمە بەهیچ شێوەیەک یاسایی نیە و لە دەسەڵاتی ئەوان نیە دەبێت پزیشکی دەرمانساز ئەوە بکات".

وتیشی: "هیچ کارمەندێک ناتوانێت دەرمان بفرۆشێت ئەمان دەرمان دەفرۆشن".

بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە ئاماژەی بەوەکرد: "کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کردوین کێشەیەک کە لە دەسەڵاتی ئێمە نیە چارەسەرکردنەکەی لەبەر ئەوە رەگی داکوتاوە".

هەر دەربارەی ئەم بابەتە ئاماژەی بە حاڵەتێکی دیکە کرد کە کە کارمەندانی نۆرینگەکان کاری پزیشکی ئەنجام دەدەن، لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەندێک کارمەندی تەندروستی لە دەرمانخانە و نۆرینگەکانی خۆیان کاری پزیشکی ئەنجام دەدەن کە ئەمە لە هیچ یاسایەک رێگەی پێنەدراوە".

هەروەها لەگەڵ کەمی کارمەند لە تەندروستی گەرمیان بەشێک لە کارمەندانی ئیداری تەندروستی گەرمیان کارمەندی تەندروستین، ئەگەر کاربکرێت بۆ گەڕانەوەیان بۆ کاری تەندروستی کە پیشەی خۆیانە سودێکی باشی دەبێت بۆ تەندروستی گەرمیان .

بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "بڕێکی زۆری کارمەندانی ئێمە کاری ئیداری دەکەن ئەمانە پێویست ناکات کاری ئیداری بکەن دەبێت بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان (تیماری نەخۆش بکەن هاوەڵی پزیشکان بن) و کارمەندی کارگێڕی دابنرێت بۆ ئیدارەکان".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. کێشەیەکی گەورە هەیە لە دابەشکردن و میلاکاتی کارمەندان دا، ئەم کەرتە پێویستی بە رێکخستنەوەیەکی سەرانسەری هەیە، ئەمەش کارێکی قورس و مەحاڵ نییە.

2. ئەو نایەکسانییەی لە زۆریی و کەمی ئیش و ئەرک و رۆڵی کارمەندانی تەندروستی دا هەیە دەبێت چارەسەر بکرێت، بەمەش دەتوانرێت بەشێوەی نۆرە و خولیی، کارمەندان هەر 6 مانگ جارێک گۆڕانکارییان پێبکرێت و بخولێنەوە بەسەر ئەرک و بەشەکان دا، یاخود دەتوانرێت پێوەری پاداشت و سوپاس و پێزانین دابنرێت بۆ ئەو کارمەندانەی کاری زۆرتر دەکەن و ئەم کارکردنانەش لەلایەن کارگێڕیی نەخۆشخانەو مەڵبەند و سەنتەر و بنکەکانەوە بنوسرێن و تۆمار بکرێن.

3. هیچ باڵانسێک لەنێوان جۆری پیشەی کارمەندانی تەندروستی دا نییە، واتا هەندێک بەشی پسپۆڕیی هەیە کە کارمەندی زۆر کەمە لە سنوری گەرمیان وەکو یاریدەدەری پزیشکی ددانساز، بۆیە دەکرێت لە دامەزراندن بە فەرمی و گرێبەست، گرنگیی بە وەرگرتنی ئەو کارمەند بۆ ئەو بەشانە بدرێت نەک بەگشتی، هەروەها دەکرێت لەرێگەی کردنەوەی خولی راهێنان و شیاندن، کارمەند لەو بوارانە شارەزا بکرێن.

4. نەکردنەوەی خول و راهێنان، یەکێکە لە کەکوکورتییە بەرچاوەکان، ئەگەرچی لە هەندێک بەشی فریاکەوتن ناوەناو خول بە کارمەندەکانیان دەکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە گشتیی نییەو دەبێت بکرێتە نەریتێک کە هەمو کارمەندێک ساڵانە خولێک یان زیاتر ببینێت، بۆ ئەمەش بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەو مەڵبەند و بنکەکان دەتوانێت پشت بە پزیشکەکانی سنورەکەو رێکخراوەکان ببەستێت.

5. زۆرجار کارمەندان رۆڵی پزیشک دەبینن، ئەمەش هەندێکجار وەکو دەستوەردانە، هەندێکجاری تریش وەکو ناچارییە، دەبێت ئەم حاڵەتە ساغ بکرێتەوە کە کارمەند یان بۆی هەیە چارەسەر بدات بە نەخۆش یان نا.

6. هەندێک کارمەندی تەندروستی کە بە ئەزمون و شارەزان، خراونەتە بواری ئیدارەوە، ئەمەش بە دو سەردا زیانی هەیە، سەرێک کە ناوەندەکەی لە ئەزمون و کاری کارمەندەکە بێبەش دەبێت، سەرێکی تریش کە بەهۆی ئەوەی پسپۆڕ نییە، رەنگە زۆر کارامە نەبێت لەکارە کارگێڕیەکەی دا.

7. کارمەندە خۆبەخشەکان رۆڵێکی زۆر دەگێڕن، دەبێت پێوەرێک هەبێت بۆ پاداشت کردنیان، بۆ ئەوەی وەکو تاک مافیان پێبدرێت و لە کارەکەشیاندا بەرەوپێشەوە بچن.

8. دەوامی کارمەندان وەکو هەمو فەرمانبەرانی دیکە و لەهەمو بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیکە، لە کەرتی تەندروستیش دا لە ئالۆزیەکی زۆردایە، ئەم بوارە دەبێت رێکبخرێتەوەو جۆرێک لەهاوسەنگیی و جێگیرێتی پێبدرێت.

9. لە دەرەوەی ناوەندە تەندروستیەکان، هەندێک لەکارمەندان کاری دیکەی پزیشکیی دەکەن کە نە یاسا رێگەی پێداون و نە بڕوانامەکەیان، کە زۆرجار وەکو پزیشک مامەڵە دەکەن، ئەمەش مەترسی و لێکەوتەی زۆر دەبێت، بەڵام لەبەرامبەردا رێوشوێن و بەدواداچون بۆ ئەم بوارە زۆر کەم و سنوردارەو ئەم کەرتە تاڕادەیەکی زۆر لەژێر هیچ کۆنترۆڵێکی فیعلیی و رۆژانەدا نییە.

**ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**رێناس ساڵەح، دۆسیەی تەندروستی**

**بۆپەیوەندی:**

07702303676– 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org